السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# کەسانێک موڵکی خوای گەورە بە ناهەق بەکاردەهێنن؛ ئەوا دۆزەخ بۆ ئەوانەیە لە ڕۆژی قیامەتدا

لە خەولەی ئەنصارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کەسانێک موڵکی خوای گەورە بە ناهەق بەکاردەهێنن (بە فیڕۆی دەدەن ومافی خۆی پێنادەن)؛ ئەوا دۆزەخ بۆ ئەوانەیە لە ڕۆژی قیامەتدا».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوە دەدات کە کەسانێک پارە وماڵی مسوڵمانان بە ناڕەوا بە فیڕۆ دەدەن، وبە ناهەق ئەم پارە وماڵەیان دەبەن، ولەوانەش: خواردنی ماڵی یەتیم وخواردنی پارەی وەقف (کاری خێرخوازی) بە ناهەق وئینکاری کردن لە ڕاسپاردەکان وپارە وەرگرتن بە بێ شیاوبوونی ئەو وەرگرتنە وهیچ مۆڵەتێک نیە بۆ خواردنی ماڵی گشتی بە ناهەق، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوە دەدات کە سزای ئەم جۆرە کەسانە دۆزەخە لە رۆژی قیامەتدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5331

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee